# ڕاڤەکردنی فەرمودەی (( الدين النصيحة ))

## شرح حديث (( الدين النصيحة ))

< kurdish - كردي - کوردی >

شێخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

وەرگێڕانی: کاروان ڕەشید محی الدین
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عزیز

الترجمة: كاروان رشيد محي الدين

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# ڕاڤەکردنی فەرمودەی (( الدين النصيحة )) [1]

پرسیار: کەسێك داوای ڕاڤەکردنی واتای ((الدین النصیحة..)) دەکات؟

وەڵام: ئەمە فەرمودەیەکی گەورەو پیرۆزەو ئیمامی موسلیم لە سەحیحەکەیدا لە فەرمودەکەی "تمیم الداری" ییەوە ڕیوایەتی کردوە، جگە لە ئیمام موسلیمیش شاهیدی دیکە هەن و پێداگری لەسەر سەحیحی فەرمودەکە دەکەن، لەم فەرمودە پیرۆزەدا خۆشەویست ﷺ دەفەرمووێت: ((الدين النصيحة)) قلنا لمن يا رسول الله؟ قال: ((لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم)). واتە: ئاین ئامۆژگارییە، وتیان: بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی: بۆ خواو قورئان و پێغەمبەرەکەیی و ﷺ گشتی موسڵمانان. ئەم فەرمودە پیرۆزە ئاماژە بەوە دەکات ئاین ئامۆژگارییە، ئەمەش هێمایە بۆ گەورەیی پێگەی ئامۆژگاری لە ئیسلامدا، چونکە ئامۆژگاری ئایندارییە هەروەك چۆن پێغەمبەر دەربارەی حەج دەفەرمووێت: ((الحج عرفة))[2].

فەرمودەکە ئاماژە بەوە دەکات ئامۆژگاری ئایندارییە، ئەویش بریتییە لە دڵسۆزی و ڕاستگۆیی لەشتێکدا بەئاڕاستەی ئەنجامدانی بەو شێوەیەی پەروەردگار فەرزی کردوە، وە ئاین ئامۆژگارییە لەسەرجەم ئەو ئەرکانەدا کە پەروەردگار پێویستی کردون، هەروەها وازهێنان لەسەرجەم ئەو شتانەی کە یاساغ و حەرامی کردون، ئەمەش شتێکی گشتگیرەو پەیوەندی بە مافی خواو پێغەمبەرو ﷺ قورئان و ئوممەت و مافی گشتییەوە هەیە. وەك لە پێشەوە باسمان کرد ئامۆژگاری بریتییە لە گرنگی پێدان و دڵسۆزی نواندن لە ڕاپەڕاندنی کارێکداو، پەرۆش بوون بە ئامانجی ئەوەی بە تەواوی مافی خۆی بدەیت بەشێوەیەك هیچ جۆرە غەش و کەمتەرخەمی و خیانەتێك لە ڕاپەڕاندنی کارەکەدا ئەنجام نەدەیت، عەرەب دەڵێت: ذهب ناصح. واتە: ئاڵتونی پاککراو بە واتای ئەوەی فێڵی تێدا نەکراوە. هەروەها ئەگەر هەنگوینێك چاك بێت و تەزویر نەکرابێت دەڵێن: عسل ناصح. واتە: هەنگوینی پاککراو.

لەسەر موسڵمان پێویستە لە کردەوەکانیدا ئامۆژگاریکار بێت بە دڵسۆزانەوە ئامۆژگارییەکانی لە خواو قورئان و پێغەمبەرو ﷺ پێشەوای موسڵمانان و سەرجەمیانەوە وەربگرێت و بە کەسانی تریشی بگەیەنێت.

ئامۆژگاری خوا بەیەك زانین و دڵسۆزی نواندن لە پەرستنیدا لە ئەنجامدانی نوێژو ڕۆژو و حەج و جیهادو جگە لەوانیش.

واتە: کارکردن لەژێر بەیداخی ئامۆژگاری و دڵسۆزی نواندن بۆ خوای پەروەردگاردو، بەشێوەیەك هیچ شتێك نەکەیت بەهاوبەشی لە پەرستنداو، بەڵکو تەنها خۆی بپەرستیت و، ئەو بەندایەتیە بە کاملی و دڵسۆزییەوە ئەنجام بدەیت، لەگەڵ هەبونی باوەڕی تەواوەتی بە پەروەردگارو هەموو ئەو شتانەی کە فەرمانی پێ کردوین جێبەجێیان بکەین، بەهەمان شێوە ئامۆژگاری یەکتری بکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەو شتانەی کە پەروەردگار لەسەرمانی پێویست کردون و وازهێنان لەوانەی قەدەغەی کردون، جێبەجێکردنی ئەمانەش بەشێوەیەکی گشتی لە زانینی مافەکانی خواوە سەرچاوەیان گرتوە کە لەسەری فەرز کردوین و، دەبێت بە دڵسۆزییەوە گرنگی بەم فەرزکراوانەی پەروەردگار بدەین.

---

[1] مجموع فتاوى ومقالات المتنوعة، المجلد خامس والعشرون.

[2] أخرجه أحمد (18297)، والترمذي: كتاب الحج، باب ما جاء فيمن أدرك الامام بجمع، رقم (889)، والنسائي: كتاب مناسك الحج، باب فض الوقوف بعرفة، رقم (3016)، وابن ماجة: كتاب المناسك، باب من أتى عرفة قبل الفجر ليلة جمع، رقم (3015).

سەبارەت بە قورئانی پیرۆز بیرکردنەوەو لێ ووردبونەوە لە ئایەتە پیرۆزەکانی و کارکردن بە فەرمانەکانی و، دورکەوتنەوەو خۆپارێزی لە قەدەغەکراوەکانی، ئەویش کتێبی گەورەو حەبلی بەهێزی خوایە، لەسەرمان پێویستە لە گوفتارو کرداردا گرنگی پێ بدەین و ئامۆژگاری لێ وەربگرین، ئەمەش بە پاراستنی فەرمانەکانی و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکانی دەبێت، هەروەها وەستان و تێنەپەڕاندنی ئەو سنورانەی کە پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا بۆی دیاری کردوین، بە ئامانجی ئەوەی واز لە هیچ یەکێك لەو فەرمانانەی پەروەردگار نەهێنین کە لە قورئاندا ئاماژەی پێ کردون، هەروەها بۆ ئەوەی هیچ یەکێك لە قەدەغەکراوەکانیش ئەنجام نەدەین، هاوکات دەبێت باوەڕی تەواوەتیمان بەو ڕاستەقینەیە هەبێت کە قورئان وتەی دابەزێنراوی خوای گەورەیە نەك مەخلوق و دروستکراو، ئەو قورئانە پیرۆزە لەلایەن پەروەردگارەوە هاتوەو دواجاریش بۆ لای خۆی دەگەڕێتەوە، ئەمەش بێگومان وتەو بیروڕای ئەهلی سوننەو جەماعەیە، وەك خوا دەفەرموویت: ﴿ نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ 193 عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنذِرِينَ ﴾ الشعراء: ١٩٣ – ١٩٤. واتە: {جوبرەئیلی ئەمین هێنایە خوارەوە. بۆ سەر دڵی تۆ بۆ ئەوەی لە ترسێنەران بیت} هەروەها دەفەرموێت: ﴿ تَنزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ ﴾ الزمر: ١. واتە: {ئەم قورئانە لەلایەن خوای بالاّ دەستی کاربەجێوە هێنراوەتە خوارەوە}، هەروەها دەفەرمویت: ﴿ إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ ﴾ القدر: ١. واتە: {بێگومان ئێمە قورئانمان لە شەوی قەدرو ڕێزدا ناردە خوارەوە}. جگە لەم ئایەتانە چەندین ئایەتی دیکەش ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم قورئانە ووتەی خوایەو لەلایەن پەروەردگارەوە دابەزێنراوە، باوەڕدارانی پیاو و ئافرەت باوەڕیان بە هەموو ئەم ڕاستەقینانە هەیە سەبارەت بە قورئانی پیرۆز، هەروەك ئەو باوەڕەشیان بە تەواوی لەلا گەلاڵە بووە بەوەی قورئان مەخلوق نیە بەڵکو لەلای خواوە دابەزێنراوەو هەر بۆ لای خۆیشی دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە قورئان موسڵمانان باوەڕیان پێچەوانەی جەهمیەو تاقمە بیدعەچی و گومڕا هاوشێوەکانیانە کە دەڵێن قورئان مەخلوقە. بەهەمان شێوە ئامۆژگاری وەرگرتن لە پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەویش بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی دەبێت و بڕوابون بەوەی پێغەمبەرێکی ڕاست و دروست و کۆتایی پێهێنەری پێغەمبەران و نێردراوانی خوای گەورەیە، پێویستە بەرگری لە پێغەمبەرو ﷺ سوننەتەکانی بکەین، هەموو ئەمانە ئامۆژگاری پێغەمبەری خۆشەویستن ﷺ، گرنگیدان بە فەرمودەکانی و ئاشکراکردن و جیاکردنەوەی فەرمودە سەحیحەکانی لە فەرمودە لاوازەکان، هەروەها بەرگری لێکردنی و، وەستان لەو سنورانەدا کە خواو پێغەمبەر ﷺ بۆیان دیاری کردووین، هەروەك خوا دەفەرموێت: ﴿ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا ﴾ البقرە: ٢٢٩. واتە:{ ئەمانەی"باسکران" سنوری خوان و لێیان دەرمەچن } ئا ئەمە ئامۆژگاری وەرگرتنە لە پێغەمبەری خوا ﷺ، زیاتر لەمەش لە جێبەجێکردن و ئەنجامدانی فەرمانەکان و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکان و کاملتربون و زیاتر دڵسۆزبوونە بەرامبەر پێغەمبەری خوا ﷺ.

هەرچۆن بێت موسڵمان بە گرنگی دان بەو فەرمانانەی کە خواو پێغەمبەر ﷺ ئاڕاستەیان کردوەو ئەوەیشی کە لە قورئان و سوننەتدا ئاماژەی پێکراوە سەبارەت بە مافەکان، ئەوەش ئامۆژگاری وەرگرتنە لە خواو قورئان و پێغەمبەرەکەی ﷺ، بۆ جێبەجێکردنی فەرزەکان و وازهێنان و دورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکان و، وەستان لەسنورەکانی خوای گەورەداو، زۆر ستایشکردنی، هەروەها یادکردنی و ترسان لێی، هەموو ئەمانە وەرگرتنی ئامۆژگارین لەخوای پەروەردگارو قورئانی پیرۆزو پێغەمبەری خۆشەویستەوە ﷺ.

بەلاّم سەبارەت بە ئامۆژگاری کردنی کاربەدەستانی موسڵمانان ئەویش بەوە دەبێت نزایان بۆ بکەین و لە کارە چاکەکاندا گوێ ڕایەڵیان بین و، لەسەر ئەنجامدانی چاکە هاوکارییان بکەین و بۆ وازهێنانیش لە کارە خراپەکان هاوکاریان بین، نابێت

سەرپێچی فەرمانەکانیان بکەین و ڕقەبەرایەتییان لەگەڵ بکەین، دەبێت ئەوە بزانین ڕقەبەرایەتی و سەرپێچی کردنی فەرمانەکانیان لەکاتێکدا دروستە کوفرێکی ئاشکرایان لیٚ ببینین، هەروەك ئەمە لە فەرمودەکەی عوبادەی کوڕی صامتدا هاتووە لە کاتی بەیعەتدانی پشتیوانەکان بە پێغەمبەری خوا ﷺ.

وە ئامۆژگاری تر بۆ کاربەدەستانی موسڵمان: ئاڕاستەکردنیان بۆ خێرو فەرمان پێکردنیان بەچاکەو قەدەغەکردنیان لە ئەنجامدانی خراپە بەشێوازێکی جوان و نەرم و نیان و سەرجەم ڕێگا سودبەخشەکان وەك کارکردن بەم فەرمودە پیرۆزەو کارکردن بە فەرمانی خوای کاربەجیٚ کە دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ المائدة: ٢.{واتا: وە کۆمەکی یەکتری بکەن لەسەر چاکە و پارێزگاری وە کۆمەکی یەکتر مەکەن لەسەر تاوان و دەست درێژی}.بروانە پوختەی تەفسیری قورئان. هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَالْعَصْرِ ﴿١﴾ إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ﴿٣﴾﴾ العصر: ١ - ٣. {واتا: مرۆ (بیٚ لەم چوار پەسنە) گش زیانبارە: ئەم سوورەتە لەبەر ئەوە کە لە مەککەدا دابەزیوە، زۆر پیٚ لەسەر ئیمان و پەسنەکانی ئیمان دادەگرێت، بۆیە خوای دلۆڤان دەفەرمویٚ: {والعصر} سوێند بەکات و رۆژگار کەچەندە گرنگ و بەنرخە، هەر لەبەر ئەمەیشە خوای گەورە سوێندی پیٚ دەخوات، چونکە (کات) بۆ مرۆڤە زیرەك و وریاکان مایەی بەختیاریی و سەرفرازییان بووە، هەوڵیان تیاداوە بۆ ئازادیی و، سەربەستیی خۆیان، هیچ پشوویان تیا نەداوە.. بەلاٌم بۆ گەلانی تەمەڵ و نەزان، بۆتە مایەی ژێردەستەیی و بەدبەختیان، ئای چۆن چەندان ساڵ دێت و دەڕوات، گەلانی ژێردەستە هەر دەناڵێنن؟ دەسا بۆ ڕاستنابنەوەو، لە عەسر سود وەرگرن، وەك پەیامبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕاپەڕیی و، سوودی لیٚوەر گرت و دەرەنجام گەلەکەی خستە سەر فرازییەوە﴿١﴾ بێگومان هەموو خەڵکی لە زیاندایە ﴿٢﴾ مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان هێنابیٚ و کردەوە چاکەکانیان کردبیٚ وە ئامۆژگاری یەکتریان کردبیٚ بە ئایینی ڕاست وە ئامۆژگاری یەکتریان کردبیٚ بە ئارام گرتن}. بروانە تەفسیری رامان و پوختەی تەفسیری قورئان.

بەلاٌم سەبارەت بە ئامۆژگاری کردنی سەرجەمی موسڵمانان ئەوە بە فێرکردنیان و شارەزاکردنیان لە ئاینداا دەبێت و هەروەها بە بانگکردنیان بۆ لای خوای گەورەو فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگری کردن لە خراپەو جێبەجێکردنی سزا شەرعیەکان دەبێت، هەموو ئەمانە ئامۆژگارین بۆیان.

IslamHouse.com